# جیل یان نەسڵی Z

جاریٚ پێش هەر چەشنە باسێک، ئەبێت لە سەر یەک بابەتی زۆر جەوهەری و جیدی بوەستین. کە بریتییە لەوەی کە هیچ دیاردەئێکی گەردوونی بوونی نییە کە لە وەستاندا بێت و هیچ گۆڕانێکی بە سەردا نەیت. هەروا کە هیراکلیتۆس پێش ۳۰۰۰ ساڵ ئەڵێت: تەواوی گەردوون تووشی قەیرانە و هیچ شتێک سۆباتی نییە و وەستانی بۆ بەدی ناکرێت و ئیزافە دەکات کە نابێت دووجار پیٚ بخەیتە ناو ڕووبارێکەوە! بۆچی؟ لە بەر ئەوەی کە جاری دووهەم هەم خۆت و هەم ڕووبارەکەو هەم کات و تەواو دیاردەکان گۆڕانیان بە سەردا هاتووە و ئەو ڕووبارەی جاری دووهەم، ڕووبارە پێشووەکە نیە و تەنانەت خۆتیش گۆڕاویت. هەر بەمپێیە ئاشکرایە کە مرۆڤیش وەکوو دیاردەئیکی گەردوونی و هەر وەها کۆمەڵگەکەی، گۆڕانیان بە سەردا دێت و ئەمە حاشاهەڵنەگرە. کە وا بێت ئەبیٚ قبووڵ بکەین کە نەسڵ یان جیلی پێشووتر لە گەڵ نەسڵی تازەتری ئەمڕۆدا، جێاوازییان هەبێت. کە جێاوازییەکانی نێوانیان لە دەیان بابەتەوە سەر هەڵئەدات.

## پێناسەی نەسڵی زید

لە ۲٦ حەرفی ئینگلیسیدا، پیتەیZ ئاخرین پیتەیە. بۆیە نەسڵی ,Z بەمناوە بەناوبانگە، کە واتە جێیا لە ئاڵفاکان، نەسڵی ئاخرینی کۆمەڵگەیە و لە تەواو کۆمەڵگەکاندا بوونیان هەیە. ڕوانگەی ئەم نەسڵە لە زۆربەی هەرە زۆری ڕەهەندەکاندا لە گەڵ نەسڵی پێشووتردا، جێاوازی هەیە.

لە خۆپیشاندانەکانی دووای کوشتنی ژینا ئەمینی لە شاری تاران، بە دەستی هێزی نیزامی کۆماری ئیسلامی، هەر وا کە لە سەر خاکەکەی لە کاتی نێشتندا نووسرابوو: «ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز». وە بە ڕاستیش هەروا بوو. بەس هاو نەسڵەکانی ژینا یانیٚ نەسڵی Z بوون کە قورسترین ئەرکەکانیان لە خۆپیشاندان وجووڵەکاندا لە ئەستۆ بووە. خاڵێکی زۆر جەوهەری لە شێوازی کارکردنی ئەم جیلە لە گەڵ پێشووترەکاندا، ئەوەیە کە لە تەواو بوارەکاندا، شێوازێکی نوێگەرایانەیان هێناوەتە ئاراوە. بۆ وێنە ئەگەر نەسڵی ئێمە یانیٚ Xەکان ، مانمان دەگرت. شێوازی مانگرتنی ئێمە بەمجۆرە بوو کە لە شوێنێکی دیاریکراودا دادەنیشتین و ئیعلامی مانگرتنەکەمان دەکرد و هەر لە دەستپێکی مانگرتنەکەوە تاکوو ئاخر، یان سروودمان ئەخوێند، یان دەرگیری قسەو باس ئەبووین لە گەڵ خەڵکانیتردا و جێا لەوە کارێکیترمان نەدەکرد _ کە چی نەسڵی زید، ئیعلامی مانگرتن دەکات لە شارەکاندا و هەر لە بەیانی تاکوو نیوەڕۆ دووکانەکان و بازاڕەکان دادەخرێن و بە دووای ئەوەدا ئیتر مانگرتنەکە تەواو ئەبێت و دەڕۆنە ناو شەقام بۆ خۆپیشاندان وئەنجامدانی جووڵە سیاسیەکان و لە گەڵ هێزەکانی ڕژیم دەرگیر ئەبن!

بەمپێیە هەر لەو خاڵەی سەرەوە کە ئاماژەی پێدرا یانیٚ مانگرتن، دەبینین کە شێوازی کاری ئەم نەسڵە بە تەواوی ساختار شکێنە و باکی لەوەی نییە کە تۆ چ تەعبیر و تەفسیرێکت هەیە لە مانگرتن! کە واتە شێوازی کارکردنی ئەم جیلە بە ڕاستی مودیڕنە.

## جیلی X هەزارەکان

جیلیX یان هەزارەکان، کە بڕێک کەس بە جیلی لە بیر کراو بانگهشتیان ئەکەن، بەو جیلەی دەوترێت کە لە نێوان ساڵەکانی ۱۹٦٥ زایینی تاکوو ۱۹۸۰ بە دونیا هاتوون. ئەم جیلە ئێستە تەمەنی پیری خۆیان بە سەر ئەبەن و باپیرەکان ودایە پیرەکانی ئەمڕۆیان پێکهێناوە. لەگەڵ جیهانی ئینتەرنیتدا زۆر بەکەمی ئاشناییان هەیە یان ئەبێت بڵێین کە لە گەڵ ئینترنیتدا نامۆن. بۆیە لەم بوارەدا زۆرجار تووشی سەرلێشێواوی و نەزانمکاری ئەبن. بەڵام لە لائێکیترەوە ئەم جیلە بە شێوازێک لە گەڵ بزووتنەوە سیاسییەکانی قەڕنی ۲۰دا تێکەڵ بوون. لە لێکۆڵینەویٚ لێژنەئێکی زانستی تەکنۆلۆجیایی لە وڵاتی بریتانیا وە لە ساڵی۲۰۹ دا و بەپیٚ دەرئەنجامی لێۆڵینەوەکەیان، ڕوو بە خەڵکان گوتیان: ئەوکەسانەی کە نەتووانن لە ئەم ساڵەدا تاکوو پێنچ ساڵیتر بە ئینتەرنیت ئی مەیل و نامە بنووسن بۆ ئیدارەکان یان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان و نەتووانن وڵامی نامە دیجیتاڵییەکان بدەنەوە، لەوکاتەدا یانیٚ پێنج ساڵی دوواترکە دەبێتە ساڵی ۲۰۱٤ بە مرۆڤێکی «بیٚ سەواد» بە ئەژمار دێن!ئەگەر تەنانەت خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ بن لە هەر بوارێکدا. هەر لەمخاڵەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە جیهانی دیجیتاڵی یان ئینتەرنیتی تاکوو چ ڕادەئێک گرنگە و هەروا کە ژاک دەریدا دەڵێت: «لە داهاتووی نزیکدا وسەرهەڵدانی جیلە نوێەکان، چیتر شەڕی تۆپ و دەبابە نامێنێت و شەڕە هەرە گرینگەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی حکوومەتەکان ئەکەوێتە ناو بەرەی جیهانی دیجیتاڵی». _ ئەمڕۆش بە ڕوونی دیارە کە جیهانی نیت و سافتوێرەکان لە هەموو کەرت و بوارەکاندا حازرن و تەنانەت سیستەمی سەلاجەکان یان ماشینەکان یان هەر چەشنە سیستەمی خزمەتگۆزاری لە گەڵ سافتوێرەکان و کامپیوتردا تێکەڵاوییەکی سەرەنجڕاکێشی هەیە و کۆنترۆڵی دیاردە تەکنۆلۆجیەکان و هەموو بابەتەکان لە ناو کۆمەڵگە وخودی جیهانی زانستی دەکات! وەکوو وێنە دەتووانین ئاماژە بدەین بە جەیمز ویب و چۆنییەتی درووستکردنەکەی لە هەر بەشێک. بۆ وێنە درووستکردنی ئاوێنەکەی کە چەندە بەهێز و حەساس و دەقیقە کە هەر دوو دیواودیوی ئەو ئاوێنەیە لە گەڵ سەرما و گەرمائێکی دژ بە یەکدا مقاومە. بۆ ئەوەی کە لە تەیفی مادوونی سووردا جەیمز ویب بتووانیٚ کار بکات و تێکنەشکێت، ئەبێت خودی تەلیسکۆپەکە لە سەرمائێکی زۆردا کە دەگات بە ۲۲۰ - دەرەجەی سانتیگراد، موقاوم بێت و خەلەلێکی تێنەکەوێت و هەروەها بەرگری

بکرێت لە تیشکی خۆرەتاو و مانگ و زەوی، بۆیە ڕووئێکی سپەری جەیمزویب لە خۆرەتاو و مانگ و زەوییە کە جێگربووە لە نوقتەئێکی زۆر تایبەتدا کە بە نوقتەی لاگرانژی خورەتاو دەناسرێت. هەڵبەت لە پێناسەی جەیمز ویب زۆر بابەتی وردتر و حەساستر هەن وەکوو ئەو ٥ ڕەسمەی کە ناردیە خوارەوە بۆ زەوی و پیشان ئەدات کە زنجیرە کێوەکانی ئەوپەڕی گەردوون خۆیان چەندین هەزارساڵی تیشکی بەرزن! و بە دەوریاندا گەلەکسییەکان دەسووڕێنەوە، کە لێرەدا پێویست بە نووسینی ئەوانەمان نیە و بەس بۆ نموونەئیک لە چۆنییەتی تەکنۆلۆژیای سەردەم یان مودێرن و کاریگەری ئینترنیت، بەو دیاردەیە ئاماژە درا.

## جیلی Y

بەو جیلەی دەوترێت کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨١ تاکوو ١٩٩٦ لە دایک بوون. (١٣٦٠ تاکوو ١٣٧٢ خۆرەتاوی _ شەمسی) کە لە ئێراندا بە دەیە شەستییەکان بە ناوبانگن. ئەم جیلە یان نەسڵە ئەوەڵین گروپەکانن کە لە گەڵ دیاردە ئەوەڵینەکانی کامپیوتردا ئاشنا بوون. تەلیفۆنە موبایلەکانی ئەو سەردەمە هەر زۆر زل و کامپیوترەکان بە خاتری تیشکی ایکسێک کە هەیان بوو، چاوی بینەریان زوو ماندوو دەکرد، لە حاڵێکدا کەمپیوترەکانی نوێتر و ئەمڕۆیە لە سلیکۆن و ماتریاڵی زۆر باشتر پێکهاتن کە زیانی بۆ چاوی مرۆڤ زۆر زۆر کەمترە و دەکرێت دەیان سەعات لە سەر بەرنامە و پرۆژەکان یان خوێندنی دیجیتاڵی کار بکرێت. هەروا کە نوسخەکانی ویندەوزەکان یەک بە دووای یەکدا دەهاتە ناو کۆمەڵگە، سافتوێرەکانیش گۆڕانکارییەکی هەرە سەیریان بە سەردا هات و هەزاران ئەپی جۆراوجۆر بڵاو بووەوە. هەروا کە دەزانین لە جیهانی ستاتیکا بە گشتی و کلتوور و مووسیقا، کاریگەرییەکی زۆر قورسیان کرد. بۆ وێنە بۆ پەیدا کردنی نۆتی «لای کۆرۆن، یان نۆتی سی بیمۆل»، لە دەزگای مووسیقای کلاسیکی شووردا، بە ساڵەها گوێگرتن لە نۆتەکان و بە تەجرووبەی خودی گوێ مرۆڤ یان سازلێدەر، ئەو نۆتە ئەدۆزرایەوە. بەڵام ئاپی مووسیقایی جۆراوجۆر بە هاسانی و لە کۆتاترین کاتدا، نۆتی مەسەلەن لای کۆرۆنت بۆ لێدەدات و خۆت ئامێرەکەت لە سەر ئەو دەرەجە و خواستە تایبەتمەندە، کۆک دەکەیت _ دەی ئەمە لە گەڵ کارو شێوازی پێشووتردا یەک دنیا جیاوازی هەیە!چ لە باری کەیفییەتی کارەکەوە چ لە باری کات و زەمانەوە و ماندوو نەبوونت بۆ کۆککردنی ئامێرەکە!

تەنیا ئەوە نییە و لە هەزارانلاوە ئینترنێت لە سەر ئیدارەکان و کۆمپانییەکان و سیستەمی دروست کردن(بەدیهێنان ) ئاپەکان و سافتوێرەکان و کامپیوترەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان کرد بۆ وێنە ئەنجامدانی کاروباری بانکی لە ڕێگای ئاپێکی زۆر ساکارەوە، بێ ئەوەی پێویست بکات خۆت وەکوو فیزیکاڵ بڕۆی بۆ بانک. ئەو شتەی کە جیلی X و ,Y تووشی بوون. کە دەبینین لە جیلی ئەلفادا حەتمەن گۆڕانکاری قورستر بە سەر دیاردەکاندا دێت!

## جیلی ئالفا IGENE

پیتەی «ئای» لە پێش وشەکەدا، ئاماژەیە بە ئینترنێت بۆ ئەم جیلە.

هەروا کە دیارە پیتەی Z ئاخرین پیتە لە ٢٦ پیتەکەی زمانی ئینگلیسیە بەڵام بە دوای ئەم جیلەشدا دەتوانین بە جیل یان نەسڵی ئالفا ئاماژە بدەین کە لە زمانی یۆنانیدا یەکەمین پیتەیە، کە بەمپێیە بازنەی جیلەکان درێژەی پێدەدرێت. نەسڵی ئالفا تازەترین مرۆڤەکانن لە ناو کۆمەڵگەدا کە لە ساڵەکانی ٢٠١٠ بە دوواوە لە دایک بوون_ گەرچی ئەم جیلە زۆر گەنجن و تەمەنیان زۆر کەمە و خەریکی خوێندنن بەڵام هەر لە کاتی بە دوونیا هاتنیان، ڕاستەوخۆ لە گەڵ جیهانی دیجیتاڵدا تێکەڵاوێییەکی هەرە زۆریان هەیە و تەنانەت لە خوێندنگەکانیان بەشێکی زۆری دەرس و وانەکان لە ڕێگای نیتەوە دەڕواتە پێشەوە! بۆیە وەکوو جیلی پێشوی خۆیان یانێ جیلی Z نین کە لە کاتی میرمینداڵی خۆیاندا دەرگیری تەقینەوەی جیهانی دیجیتاڵ بوون. بەڵکوو هەر لە سەردەمی لە دایکبوونیاندا بەو جیهانە ئاشنا و دەرگیرن کە ئەمە خۆی وێنایێک دروست دەکات لە مێشکی لێکۆڵەر کە ئەو جیهانە و جیلی بە دوای ئەواندا دەبێت خاوەنی چ تایبەتمەندییەک بێت؟! کە واتە ئاڵ و گۆڕییەکانی دیاردەکان و کۆمەڵگە و چەمک و بابەتەکان، لە هەموو بوارێکەوە دەبینین چەندە خێرا و سەریعن کە ئەگەر لێدابڕابیت، ژیانت چەندە گران دەبێت!_ هەر لە ئەوەڵەوە ئەمگۆڕانکارییەی گەردوونیمان بە گرینگترین و هۆە سەرەکییەکەی جەوهەری سرووشت و گەردوون پێناسە کرد تاکوو ئەمبابەتە ڕوون بێت کە بە ڕاستی لە نێوان جیلەکانی پێشووتر و جیلی زید، وەها جیاوازییەکی حاشاهەڵنەگر بوونی هەیە، هەر بۆیە هەڵسووکەوتی ئەم جیلانە بەرانبەر بە یەکتری وهیزرەکانیان لە دیاردەکانی ناو کۆمەڵگە وەکوو حکوومەت و دەوڵەت و هەر ئۆرگانێکیتر زۆر فەرقیان هەیە!

ئەگەر جیلی پێشووتر لەگەڵ دەسەڵاتەکاندا بە شێوازێکی سازشکارانە و کۆنسەرواتیڤ، هەڵسووکەوت دەکات، جیلی نوێ بەو قەناعەتە گەشتووە کە ئەمجۆرە هەڵسووکەوتە، تەنیا گیانبەخشە بە سیستەمە دژ بە تاک و مرۆڤ و کۆمەڵگەکان، بۆیە هیچ بۆی تابۆ نییە کە ساختاری بەرهەمەکان و بۆچوونەکان و هیزرەکان و کردەوەکان، بە تەواوی بخاتە ژێر، خانەی گومان و لە خۆیشیدا ئەو گۆمانەی لا نەماوە و بە شێوازی

دیکۆنستراکشێنی دەریداییی دەڕواتە پێشەوە وئەو فینۆمنانەی کە هان لە هەر قاڵبێکدا و بە زیانی تاک و کۆمەڵگە پێناسەی دەکات، ئەوانە دەڕۆخێنت و لە ڕۆخاندنیاندا بە جیدی خەریکی خۆ ڕێکخستن و کاری هەمە لایەنەیە لە گەڵ هاو جیلەکانی خۆیاندا. لە شێوازی هیزر یان تیزی دیکۆنستراکشندا، پێویست ناکات تەواو دیاردەکان لە بناخەوە تووشی ڕۆخان بکەیت، بەڵام هەر دیاردەئێک کە داکۆکی ناکات لە واقیع و ڕاستی، دەبێت بە شێوازی دیکۆنستراکشێن بیڕۆخێنیت و سەر لەنوێ دروستی بکەیتەوە_ ئیتر ئەو پێکهاتەیە یان دیاردەیە، لە چ بەرەئێکە یان پەیوەستە بە چ چەمکێکەوە، دەکرێت بخرێتە ژێر دیکۆنستراکشنەوە بە مەبەستی دوبارە و سەر لە نوێ دروست کردنی زانستییانەی ئەو فینۆمنە_ ئیتر ئەتوانێت لە ستاتیکا خۆی ببینێتەوە( هەر وا کە جیلی زید لەم بوارەدا ساختارەکانی شکاندووە) یان بۆ وێنە لە بواری میعماری یان ئەدەب و زمان یان فەلسەفە و هیزرەکان... بە هەر کات ئەو شێوازە دەتوانێت خۆی لە تەواو کەرت و بابەتەکان ببینێتەوە و کارا بێت. بەڵام جەخت دەکەمەوە سەر ئەوەی کە ئەگەر پێکهاتەئێک دروست بێت، ناکرێت ئەو پێکهاتەیە بخرێتە ژێر دیکۆنستراکشن. بەڵام ئەگەر پێت سەلمێندراوە یان بەو قەناعەتە گەشتویت کە بۆ وێنە دەسەڵاتی باشووری کوردستان، دەسەڵاتێکی گەندەڵە و دژ بە مرۆڤ و کۆمەڵگەیە، تەنیا چارە بەکار هێنانی هیزری دیکۆنستراکشێنی دریداییە. هەڵبەت بە تێگەیشتنی من! _ بۆیە لەمجۆرە بیرکردنەوەدا، چیتر ڕیفۆرم چارەسەری حەلکردنی کێشەکان نییە و خواست، خواستێکی مرۆڤانەیە. نەک بە دەستخستنی دەسەڵات و پلەو وپارە و شوهرەت و ...هتد، کە دەبێتە درێژەپێدانی هەر ئەو سیستەمە فیکرییەی کە لە ڕاستیدا خەسێندراوە و هانای جووڵەی نییە! و ئیرادەشی بۆ جووڵە و ڕێکخستن و ئاراستەکردن لێسەندراوە! جیلی زید بەرانبەر بە تەواو ئەم چەمکانە وشیار و ژیرە و لە وردەی کار و بابەتەکان بە جووانی تێدەگات بۆیە لە کرداردا و مەیدانی عەمەلدا، زۆر کارایە و لە کارەکان وپڕۆژە و بەرنامەکانیدا زۆر جیدیە.

هیچ جێگای گۆمانێک لەوەدا نییە کە جیلی زید، لە تەجروبەو کارکردی جیلەکانی پێشوتریش کەڵک وەر ئەگرێت، بەڵام هەر هیزرێک و هەر شێوازە کارێک یان هەر دیاردەئێک دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەی ورد و جیدی و کوێرکوێرانە قبووڵیان ناکات! بۆیە پێشتریش بە هیزری دیکۆنستراکشن ئاماژە درا کە چۆنیەتی شێوازی کارکردنی ئەوان، بە ڕوونی دیار بێت.

کەسانێکیش بە هەر هۆئێکەوە جیلی زید بە جیلێک پێناسە دەکەن کە گوایە ئانارشیستن!

هەرچەند بڕێک لە کردەوەکان ئەوان بە تایبەت لە خۆپیشاندانەکاندا، دەڕواتە خانەی ئانارشیسمەوە، لە چەند ڕەهەندەوە لە ئانارشیسمی زانستیانە و شێوازی میخائیل باکۆنین زۆر نزیکن، بەڵام هێشتا ناکرێت ئەو جیلە بە جیلێکی ئانارشیستی پێناسە بکرێت. هەر ئەوەی کە کار و کردەوە و هیزرەکانی ئەم جیلە لەگەڵ کەسانیتر و جیلەکانی پێشووتردا ڕێک نییە، نابێتە هۆی ئەوەی کە بە ئانارشیسم پێناسە بکرێن. بەڵام هەر لێرەدا ئەتوانم بڵێم کە هیزرەکان و چۆنییەتی ڕێکخستن و ئاراستەکردن بە کۆمەڵگە و بە گشتی بڕێک لە شێوازی کارەکانیان وەکوو کردەوە ساختارشکێنەکانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، زۆر بە ئانارشیسمەوە نزیکایەتی هەیە. گەرچی ئەوەش دەزانم کە جیلی ئەلفا تەنانەت بەم قسەش گاڵتە دەکات و پێدەکەنێت و لە ڕاستیشدا مافی ڕەوای ئەوانە کە تەواو هیزر و تێگەیشتنەکان بخەنە خانەی گۆمان و تەنانەت گاڵتەوە. لە بەر ئەوەی کە لە گەردووندا هیچ دیاردەئێک بوونی نییە کە تووشی قەیران و گۆڕان نەبێت و بەدیهاتنی فینۆمنە تازەکان، شتێکە کە پەیوەستە بە جەوهەری خودی گەردوونەوە. هەر بۆیە ئێمەش کە ڕەخنە لە کاربەدەستە پیرەکانی حکومەتەکان و دەسەڵاتەکان دەگرین، هیزرەکانی ئێمە و ئەوانیش ناکرێت لە یەکخاڵدا کۆ بکرێنەوە و بە یەک دیاردە و هیزر پێناسە بکرێن. چونکی لە نێوان ئێمە و ئەواندا جێاوازی لە پۆلۆتۆنەوە تاکوو زەوییە! دەی هەر بەم پێیە جێاوازی ئەم جیلە لەگەڵ کەسانیتردا، لە باری زانستی و فەلسەفییەوە شتێکی ڕوون و حاشاهەڵنەگرە! بۆیە ئەگەر برتراند راسل دەڵێت: لە ١٠٠٠ ساڵی داهاتووشدا ڕوانگەی واقیع، ئەو شتەیە کە کۆن نابێت! لای ئێمەش داکۆکیکردن لە واقیع ئەو شتەیە کە دەرگیرمان ئەکات لەگەڵ دەیان دیاردەی سەیر و سەمەر کە جاروایە دەبێتە هۆی خەمی ئێمە و جاریش وایە دەبێتە هۆی پێکەنینمان. بۆ وێنە ئێمە پێکەنینمان دێت بەوەی کە خەڵکانێک بەس فیکر لەوە دەکەنەوە کە فڵان کاربەدەستی دەسەڵاتی باشوور، ئایا لەگەڵ خانمێکدا ڕەسم یان فیلمی سیکسی هەبووە یان نا؟! _ بۆ ئێمەمانان تەحلیلی لیبەرالیسمی ئیقتسادی لە باشوور و عیراقدا و چۆنییەتی خولْقاندنی بناخەیی کارەساتەکان و ئەرتەشی بێکارەکان و سیستەمی پریڤاتکردنی کەرتی خزمەتگۆزارییەکان وەکوو سیستەمی پیزشکی و سیستەمی پەروەدە و خوێندگە گرنگترە تاکوو ئەو ئاگاهییە بدەینە تاک و کۆمەڵگە کە ئاشنا بن بە هۆی سەرەکی و بناخەیی ڕووداوو کارەساتەکان!

تابۆی سیکس ئەگەر بۆ جیلی کلاسیک زۆر تۆخ و دەگمەنە! بۆ جیلی زید و ئەلفا، بەس مایەی پێکەنین و گاڵتەیە! دیاردەکانی لیزبییەن و کوڕ خوازەکان( پەلکە زێڕینە) کە بۆ ئیسلامییەکان و بە تەواوی ئۆرودوگای میتافیزیا(باوەڕمەندبوون بە هیزری ئەفلاتوونی-ئایدیالیزم-ڕەشنالیسم یان عەقڵانییەت) و جیلە پێشووەکان، گرنگە و دژ بەوان هەڵسووکەوت دەکەن، بۆ جیلی زید شتێکی زۆر ئاساییە کە لە ڕوانگەی زانستییەوە، لە تەواو کۆمەڵگەکاندا بوونیان هەیە، بە کوردیشەوە لە هەر چووارپارچەکەی_ لەبەر ئەوەی کە کوردیش وەکوو کۆمەڵگەی کوردستانی، لە کۆمەڵگەی جیهانی دانەبڕاوە و لەباری سرووشتییەوە، ئەو شتانە لەناو کوردیشدا

بوونی هەیە و حاشاهەڵنەگرە_ لەمبارەوە و بۆ سەلماندنی ڕاستی بابەتەکە دەتوانین ئاماژە بدەین بە «تیۆریای باڵی پەپوولە» کە دەڵێت: ئەگەر پەپوولەئێک لە شاری پیکەن، پێتەختی چین( ساینا) هەستێتەوەو باڵ لێبدات، بەعید نییە ئەگەر ئەوباڵ لێدانە ببێتە هۆی گۆڕینی کەش وهەوا و لە شاری نیۆیۆرکدا تۆفانێک درووست بکات _ کە پیشاندەری ئەوەیە کە تەواو دیاردەکانی سرووشت و گەردوون پێکەوە گرێدراون یان هاوپەیوەستن و لێک جێا نین. بۆیە لە سەر یەکتریش کاریگەرییان هەیە. کە بەمپێیە ناتوانین کۆمەڵگەی کوردستانی لە گەڵ کۆمەڵگەکانیتردا بە بێ پەیوەندی و جێا پێناسە بکەین. کە هەر لەمخاڵەدا دەتووانین ئاماژە بدەین بەوەی کە ئەو کاتەی باس لە کۆمەڵگەی جیهانی دەکرێت، لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگەی جیهانی مرۆڤەکان باس دەکرێت کە هاو کێشەن و هاو چارەن و لە پەیوەندیدان و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لە سەر یەکتری کاریگەرن بە تایبەت ئەمرۆکە کۆمەڵگەی جیهانی بە گۆندێکی چکۆلە پێناسە دەکرێت!_ بەدیهاتنی وایرۆسی کۆرۆنا خۆی وێنائێکە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە چۆن تەواو جیهانی گرتەوە! ئەگەر ئەو پەوەندییەی نێو مرۆڤەکانی جیهان نەبێت، کاریگەرییەکانیشیان لە سەر یەکتری لا ئەچێت بەڵام لە ڕاستیدا کۆمەڵگەکانی جیهان پێکەوە گرێدراون. هەرچەند ئەوە دەوڵەت و حوکومەتەکان(بە تایبەت سیستەمی سەرمایە) کە لە باری جۆگرافییەوە سنووربەندییان کردووە وهەر ئەوەش لە بەشێکی جیهان یانێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەروپی لاچووە و سنوورەکان مانای خۆیان لە دەستداوە هەر بۆیە بە تێگەیشتنی من لە داهاتووی نە زۆر دووردا، سنوورەکانی نێوان کوردستانی گشتیش لەو چووار پارچەیەدا لا ئەچێت!

## چۆنیەتی کارکردنی نەسڵی زید

خاڵێکیتری زۆر سەرەنجڕاکێش ئەوەیە کە نەسڵی زید، بەردەوام تاکتیکەکانی خۆیان ئەگۆڕن!

تاکتیکەکانی نەسڵی ئێمە بۆ دۆژمن، زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو. بۆیە هەر پێشتریش دوژمن دەیزانی کە ئێمە خەریکی چ بەرنامەئێکین بە وێنە بۆ ڕۆژانی داهاتوو! بەڵام شێوازی ئەم جیلە نوێیە بە جۆرێکە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تووشی سەرلێشێواوی و نەزانم کاری کردووە. هەر بۆیە لە سەرکوتکردنی خەڵکیش بە شێوازی کۆنتر، سەرکەوتوو نەبوو. بەڵام بە شێوازی شەلم کوێرم ناپارێزم، تەقەی لە خۆپیشاندەران کردووە و جار وایە کەسانێکی کووشتووە کە لە خۆپیشاندندا نەبوون! وەکوو تەقە کردن لە ماشینی بنەماڵەی کیان پیر فەڵەک، ئە منداڵەی کە بە خودای ڕەنگین کەمان، بە ناوبانگ بوو. هەر وەها دەیان کەسیتر. گەرچی دەستبەجێ ئەبێت ئاماژە بدەین بەوەی کە هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی چەندینجاریش لە ڕووی پلان و بەرنامەوە، کەسانێکیان لە نەسڵی زید لە شەقامەکاندا کوشت کە ئەوانە وەکوو لیدەر و ڕێکخەر بوون لە خۆپیشاندانەکاندا وەکوو سارینا ئیسماعیلزادە و حەدیس نەجەفی و...هتد.

هەروا کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، نەسڵی زید لە زۆربەی هەرە زۆری بوارەکاندا، کەرت و چەمک و دیاردەکانی گۆڕیوە. یەکێک لەو چەمکانەی کە دەستی بردووە بۆ گۆڕینی، چۆنیەتی سیستەمی فەرهەنگی مووسیقایە. کە نەسڵی پێشووتر تاکوو هەر ئەم ساتە وەختەش سەرقاڵە بە گوێگرتن لە مووسیقای سوننەتی یان کلاسیک وەکوو شەجەریان و شارام نازری و کامکارەکان و ...هتد. نەسڵی زید تەواو ئەو فەرهەنگەی ئاوەژوو کردووە و نەک هەر گوێگری وەها مووسیقائێک نییە، بەڵکوو هەستاوە بە ڕەخنەگرتنێکی زۆر توند و زانستیانە لەو بابەتەوە. بۆ وێنە ئەوان گوێ ئەدەن بە گرووپی ( ولشدگان) کە مووسیقای ئەم گرووپە، هەر نۆتەکانی پێشووترە و مەسەلەن لە دەزگای ماهووردا یان سێ گادا، ئیجرا ئەبن، بەڵام جۆری ڕیتمەکە گۆڕانی بە سەردا هاتووە و لە لائێکیترەوە بە تەواوی تیکستەکان و شیعری گۆرانییەکان، گاڵتەکردنە بە فیکری کلاسیکی و ڕەخنەگرتنی توونده لە ناوەڕۆکی شیعرە کلاسیکەکان، بە شێوازی شاد و شاناز و شۆخی و گاڵتە وگەپەوە! کە بەمجۆرە کارەکانیان بە گوێ بیسەر زۆر بە باشی دەنیشێت. من لە ماڵپەڕی فەلسەفە و ئەندیشە ٢ بەش لە کارەکانی ئەم گرووپەم دابەزاندووە و ئەتووانن لەوێ خۆتان ببینن و گوێبگرن. جێا لەمانە نەسڵی زید گوێگری مووسیقای جیهانی ئینگلیسییە و بەردەوام گوێگری گرنگترین گۆرانیبێژانی ئەو جیهانەن. دیاریشە کە لەم مووسیقایە، هیچ شتێک نامۆ یان تابۆ نییە! گۆرانیبێژەکانی ئەم بوارە لەم زەمانەدا، باس لە چەندین دیاردە و ڕووداوی سرووشتی لە نێوان مرۆڤەکان و خۆشەویستەکان و دڵدارەکان دەکەن و بۆ وێنە بۆ ئەوان بە هیچشێوەئێک باسکردن لە سیکس لە گۆرانییەکەدا تابۆ نییە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە مووسیقای کلاسیکی ئێرانیدا، ڕۆیشتنە ناو ئەو بابەتانەوە بە تەواوی بڤەیە و نەک هەر سانسۆر و ڕێگری دەکرێت کە لە باری یاسای وڵاتەکەوە، ئەکەوێتە خانەی دژ بە ئەخلاق و ئیسلامەوە، بۆیە بە تەواوی قەدەخەیە! بەڵام نەسڵی زید دەست ئەبات بۆ هەر ئەو بوارانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە قەدەغە کراوە و بەمشێوەیە و هەر وا کە خۆشیان دەڵێن: ئەمجۆرە کارانە و شکاندنی ساختار وپێکهاتەکان، ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ئادرنالینی ئەوان ئازاد بێت کە هەر ئەمە خۆی چێژێکی سەرەنجڕاکێشیان پێ ئەدات!

تەنیا ئەوە نییە و بۆ ئازادکردنی ئادرناڵین لە لەشدا، ئەوان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی گەلێک کاری خەتەرناک و ترسیشیان لەوەی نییە کە گیانیان لەو حەرەکەتەدا لە دەست بدەن! هەر وا کە زیندوویاد سارینا ئیسماعیلزادە(١٦ ساڵ تەمەنی بوو)، دەقیقەن باس لەم خاڵەدەکات لە کاناڵە یوتیووبەکەی خۆیدا. ئەمەش خۆی بووەتە هۆی سەرلێشێواوی زیاتری فەرماندەکانی هێزی سەربازی و نیزامی و سەرکوتکەرانی ڕژیم. لە بەر ئەوەی کە چەندین گرتەی ویدۆیی هەیە لە خۆپیشاندانەکاندا، کە کەسانێک بە بێ هیچ چەک یان تەنانەت هیچ شتێک، بەس بە دەستی خاڵییەوە، دەڕۆنە بەرانبەر هێزە سەرکوتکەرەکان و پێیان دەڵێین: فەرموو تەقە بکە! لە گرتەئێکدا کەسێک لە خۆپیشاندەران هەر بە دەستی خاڵی لەبەرانبەر چەکدارەکەی ڕژیمەوە دەوەستێت و بەردەوام ئەم دێرە دووپات

ئەکاتەوە کە: تەقە بکە! ئەگەر ئەتـوانی تەقە بـکە! _ ئەو پاسـدارە دەڕواتە دوواوە.... ئەم هەر دەڕواتە پێشـەوە و پـێ دەڵێـت: تەقە بکە، بزانم چەندە مرۆڤی؟! ئەویش تەقەی لێدەکات و ئەو خۆپیشاندەرە دەکوژرێت!

نەسـڵی ئـێمە وەهـا نەبـووین. لە جـووڵەو دەرگیرییەکانـدا تێماندەکۆشـا کە گیـانی خۆمـان و دۆسـتەکانیترمان بپـارێزین و هاوکـات شەڕیشمان دەکرد... بەڵام ناچارم بە شتێک دوبارە ئاماژە بدەم کە ڕەنگە زۆر کەس پێیان باش نەبێت، بەڵام بە قەوڵ برتراند ڕاسل: بەردەوام تێبکۆشە لە واقیع داکۆکی بکەیـت و هەرگیـز مەهێڵە کە هیچ ئایـدیالۆژیکێک بەرگریـت لێبکـات لە نووسـین یـان بەیـانی واقیعەکان. سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی و جیلەکەی ئێمە، بە ڕاستی نەمـانتووانی ئەم کۆمـارە سـەخیفە لە نـاو بەریـن... ئەم جیلە تەنانەت کەوتە ناو داوەکانی سەرمایەی ئیسلامی و نەخشەکانی کۆماری ئیسلامی! کە خۆی بوو بە هـۆی بەهێزبـوونی ئەو کۆمـارە دژ بە مرۆڤ و کۆمەڵگەیە. مەسەلەن لە ڕێگای بڕوا بە ئەوەی کە دەکرێت کۆماری ئیسلامی ئیسڵاحات یان ڕیفۆرمی تێدا بکرێت. هەر ئەم تێگەیشتنە کاڵفامییەی بڕوا بە ڕیفۆرم لەم کۆمارەدا، بوو بە هۆی درێژە پێدانی ئەم سیستەمە خەتەرناکە کە ئەمڕۆ ئێتر سیما و ڕوومەتەکەی بۆ هەمووان ئاشکرایە کە چەندە دژ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی و خواستەکانی تاک وکۆمەڵگەیە.

ئەبێت قبووڵ بکرێت کە هەر ئەم نەسڵەیە کە لە کاتی لە سێدارەدانی چەندین کەسەی ناو شارەکان ( جێا لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان) خەڵک دەڕۆیشتن و لە شوێنی ئەو سێدارە کردنەدا، کۆ دەبوونەوە و توویان دەشکاند و بۆیان وەکوو بینینـی فیلمێـک بـوو! _ یـان لە ساڵانی پێشووتردا کە کەسانێکیان بەردباران دەکرد و هەر خودی ئەو خەڵکە و ئەو جیلە بوون کە بەردەکانیـان دەهاویشـت بە سـەر ئەو مرۆڤە بەدبەختەی کە لە چاڵ کرابوو! _ پێشتر چەندین لۆری بەردیان لەو گەڕەکەدا دەڕژاند و بەردیان بۆ خەڵک ئامادە دەکرد تـاکوو دەسـتووری قورعانەکەیـان یـانێ «ئەمـر بە مەعـرووف و نەهـی لە مـونکر»، ئەنجـام بـدرێت! کە ئەو مەلایە، حـوکمی بەردبارانەکەی دەوتەوە، لە هەزارلاوە هاونەسڵەکانی ئێمە بوون کە بەردیان دەهاویشت وەکوو باران بە سەر ئەو مرۆڤەوە! گەرچی هەرگیز وەها ڕووداو یان کارەساتێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە نەچوو. مـن لە خـاترمە تەنیـا یەکجـار لە سـاڵی ١٣٦٠دا بە دووای شەڕی ٢٤ ڕۆژەی سنەی سوور، دوو کەس کە عارەقیان خواربووەوە، هێنا ناو وەسەتی شار بۆ ئەوەی کە حوکمی ئیسلامی حەد کە ٧٥ زەربەی شەلاخ بوو لە بەرچاو خەڵکەوە ئیجرا بکرێت. دەقیقەن لەو کاتەدا شار خرۆشـا و هەر لەوێ دەسـتمان کـرد بە خۆپیشاندان و هێرشبردنە سەری پاسدارەکان. کە لە ئاکامدا بە تەقەی پاسدارەکان، ژنێک بریندار بوو_ ئەوە یەکمجار وە ئاخرینجار بوو کە کۆماری ئیسلامی ویستی لە ڕۆژهەڵاتدا لە بەر چاوی خەڵکەوە، تاکەکـانی نـاو کـۆمەڵگە شـەلاخ لێبـدات و «حـوکمی حەد» ئیجرا بکات. بۆیە نەسڵی پێشووتری زید لە ڕۆژهەڵاتدا بە نیسبەتی تەواو شارەکانیتری ئێراندا، خاوەنی هەڵویست و جێگە و پێگەی خۆی بوو. هەر بۆیە کە نەسڵی زیدی ڕۆژهەڵات، هەر ئیستەش تاقانە سەنگەرێکە کە درێژە ئەدات بە خەباتی خۆی. لە بەر ئەوەی کە جیلی زیدی مودیرنی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵات، ڕۆڵەکانی ئێمەن. کچ و کـوڕانی ئـێمەن و لە فەرهەنگـی ئـێمەدا گەورە بـوون_ هەر چەند تەنـانەت ئەم بـابەتەش ڕەهـا و مـوتڵەق نییە و هەر لە ڕۆژهەڵاتـیش هێشـتا لە هاونەسـڵەکانی ئـێمە کەسـانێک هەن کە نـان بە بایەخی ڕۆژ دەخۆن و لە هێزی سەرکوتکەری کۆمـاری ئیسـلامی ترسـیان هەیە. بەڵام ڕێـک لەمکـاتەدا نەسـڵی زیـدی ڕۆژهەڵات نەک هەر ترسـی نییە کە تەنـانەت لە گیـانی خۆیشـی لایـداوە بـۆ بەدیهێنـانی ئـازادی و بـایەخە ڕەسـەنەکانی مـرۆڤ و کـۆمەڵگە و تێڕوانینی بە ژیـان وژینـایەتی، بە شـێوازێک کە زۆر سـەخت لە گەڵ جیلە پێشـووەکاندا دێـتەوە. کە هەر ئەمەش ئەبێتە هـۆی جێـا بوونەوەی جیلەکان لە یەکتر کە هەر لە پاراگرافی یەکەمدا و سەبارەت بە هیراکلیتۆس گوتمان: گۆڕان و گۆڕانکاری لە دیاردەکانی ناو گەردووندا شتێکی حاشا هەڵنەگرە.

نەسڵی پێشتری زید، ئارام و کۆنسـەرواتیڤ بـار هـاتووە _ زۆر لە گەڵ سیسـتەمی دژ بە تـاک و کـۆمەڵگە، سـازیش دەکـات_ زوو دەکەوێتە نێو داوەکانی لیبەرالیسمی نـوێ_ زۆر ترسنۆکە و بە ڕاسـتی لە ئیـرادە وخواسـتی ئـازادی بەتـاڵە _ خشـتە ئەوەڵینەکـانی ئەرتەشی بێکارەکانە و بەردەوام ترسـی لە دەسـتدانی کـاری خـۆیە، هەر بـۆیە لە تێکشـکاندنی مانگرتنەکانـدا هاریکـاری دەسـەڵات دەکات _ بەشداری کردنی لە خۆپیشاندانەکان زۆر لاواز و کاڵە و دوودڵیشە لە سەر بابەتەکان _ زۆر بە سەریعی دەکەوێتە جیهـانی وەهم و خەیاڵی ئایدیالیزمیەوە_ بەرانبەر بە دەسەڵات خۆشباوەڕە و هۆمیدی چاکسازی هەیە بە دەستی خودی دەسەڵات ( ڕیفۆرم ) کە بە تەواوی میتافیزیاییە و ئاکامەکەی دژ بە تاک و کۆمەڵگەیە. کۆماری ئیسلامی لە بەر ئەوەی کە بە باشی ئەم جیلە دەناسێت و خواستە کانی دەزانێت و بە جیهانە فەرهەنگییە لاوازەکەی ئاشنایە کە زۆرجار بە ناردنی قشقەڕە جووانەکان( پرستوهای ڕژیم) لە باری سیکسیەوە، دەیانخاتە ناو داو. وە نەخشـەکانی خـۆی دەبـاتە پێشـەوە. ئەو ژنـانەش کە بەو شـێوازە بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی کـار دەکەن، پێشتر بە دەستی کاربەدەستانی وەزارەتی ئیتڵاعات لە سەریان کار کراوە و فیریـان کـردوون کە چۆن بەرنامەکانیـان ببەنە پێشەوە! _ ئەم دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ خواستی دەسـەڵات و بە گشـتی چۆنییەتی فـامی سـەرمایەی جیهـانی کە بە بـورژوازی بە ناوبانگە. ئەگینا مرۆڤ لە باری سرووشتییەوە بە پێ سروشتەوە، ئەبێت خاوێن و پاک بێت و بۆ پارە و کورسی و دەسـەڵات دەسـت بە هەر کارێک نەبـات (فەلسـەفەی مـوراڵ). لێـرەدا مـن دەکەومە بیـر ئەفلاتـوون کە لە تیـزی تەزەکـاردا دەڵێـت: «زانیارییەکـان و هیزرەکان پێشتر لە مرۆڤدا بوونیان هەبووە، کە بە دونیا دێت و وردە وردە فێری شتان ئەبێت، ئەو شـتانە وە بیـری دێـتەوەو ئەوانە پێشترلە جیهانی موسۆڵیدا بوونیان هەبووە»!

کە بەمپێـیە ئەکرێـت بڵـین کە لە ڕوانـگەی ئەفلاتـوونەوە، ئەگەر کەسـێک هەڵدەسـتێت بە ئەنجامـدانی خـراپەێکەوە، ئەوە لە ڕوی زانیـاری و ئاگـاهییەوە نەبـووە _ ئەو لە کـاتی ئەنجامـدانی ئەو خـراپەیە، ئاگـای( زانیـاری- شـناخت- ناسـین)ی نەبـووە و لە ڕوی نەزانیـیەوە ئەو کـارەی کـردووە!! دەی ئەگەر ئەمە دروسـت بێـت واتە ئەو حـاکمەی کە حـوکمی دەسبەسـەر کردنـی ئەو دوو میرمنداڵەی کە تەمەنیان لە خوارەوەی هەژدەساڵدایە یانێ عەبدوڵا هیوا فاتیح و سابیر ئەحمەد، کە تەنیا لە خۆپیشـاندان‌دا بەشـدارییان کردووە و لە ٨-١١-٢٠٢٢دا لە گەرمیـانی باشـووری کوردسـتان و بە دووای دوو سـاڵدا، سـزای چوارسـاڵ زینـدانی بە سـەر هەر یەکەیان داسەپاندووە، لە ڕوی نەزانی و نەبونی زانیاریدا، وەهای کردووە! ئەو حاکمە و ئەو دەسەڵاتە بە پـێ هیـزری ئەفلاتـوونی،

خەتای نەکردووە و کارەکەی درووستە! _ دەی نەسڵی زید، وەها تێگەیشتنێکی کاڵفامانە و وەها کردەوەئێکی قیزەونی لا قبووڵ نییە و بە تەواو بوونیەوە، لە بەرانبەریدا دەوەستێتەوە.

بابەتێکیتر ئەوەیە کە برێک لە ڕووناکبیرانی چەمکی فەلسەفەی سیاسی ئەفەرموون: دابەش کردنی جیلەکان و دەرخستنی جێاوازییەکانی نێوان ئەو جیلانە کارێکی نازانستیانەیە! ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەو ڕووناکبیرانە هەر لە خاڵی یەکەمدا گرفتی میتافیزییان هەیە لە بەر ئەوەی کە چاوی خۆیان و گوێ خۆیان سەبارەت بە گۆڕانی بەردەوامی فینۆمنەکانی گەردوونی کەڕ و کوێر کردووە! خۆشیان ئەزانن کە جیلی پێشووتر بۆ وێنە هەر نەیزانیوە کە ئینترنیت میوە یان بەرەی چ دارێکە! لە حاڵێکدا نەسڵی زید لە گەڵ جیهانی پێشکەوتووخوازی تەکنۆلۆجیای سەردەمدا تێکەڵاوە و هەر لە کاتی بە دونیا هاتنیدا لە گەڵ ئەو جیهانە زۆر سەریعە دەرگیر بووە و لە گەڵ دیاردە جۆراوجۆرەکان و ڕووداوەکانی کۆمەڵگەی جیهانی و تەنانەت جیهانی گەردوونی و یۆنیورساڵی نەک نامۆ نییە کە زۆریش ئاشنایە. دەی هەر لەمخاڵەدا چۆن دەکرێت ئەم دوو جیلە وەکوو یەک پێناسە بکرێت؟ ئایا جێاوازییەکان وەکوو ڕۆژی ڕوون لە برچاو نین؟! ئایا چۆنییەتی هەڵسوکەوتی ئەم دووانە لە گەڵ یەکتریدا خاوەنی دەیان و بگرە سەدان جێاوازی نییە! ئەساسەن کام بۆچوون و هیزری جیلی زید لە گەڵ جیلی پێشووتردا یەکئەگرنەوە؟! ئەگەر وا بێت بۆچی زۆربەی ئەو جیلە دەڵێن کە لەو کاتەی بە ئامانجەکانیان بگەن و شۆڕشەکە سەر ئەخەن، هەر حەتمەن ناوی فامیلی خۆیان دەگۆڕن؟! بەو خواستەی کە بە تەواوی لە یادگارەکانی جیلی پێشووتر دابڕابێتن!! یانێ ئەم ڕادەی تووڕەیی و ئەستەمەی کە لەم جیلەی زید کراوە، بۆچی نابیندرێت و بە ڕوونی ناکەوێتە بەرچاو؟ بۆچی بەرگرییان لێدەکرێت لە کارەکانیان و پرۆژەکانیان؟

کێ بەرگرییان لێدەکات؟؟

ئایا جێا لە دەسەڵاتی میتافیزیایی کۆماری ئیسلامی و جیلی پێشووتر یانێ دایک و باوک و براو خۆشکانی سەر بە جیلی پێشووتر، کەسێکیتر هەیە کە حوکمی وەستان و بێ دەسەڵاتی و لاوازی و سازشیان بە سەردا دەسەپێنێت؟ و داوایان لێئەکات کە هێندە ڕادیکاڵ مەبن و تەنانەت بە شێوازی خۆیان بەندیان دەکەن و ڕێگرییان لێدەکەن؟! ئەمانە جێاوازی نین، واتە چین؟ تکایە بۆمانی ڕوون بکەنەوە. ئێوە کە لە بناخەوە لە گەڵ سیستەم و دەسەڵاتی دژ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی ڕاهاتوون و تەنانەت بە ئاشکرا و بە نهێنی حاشا لە گۆڕانکاری گەردیلە و گەردوون ئەکەن. ڕوونی بکەنەوە کە خاڵی هاوبەشی ئەم دوو دیاردە کۆمەڵاتییە چیە؟ ئەوەی کە نەسڵی ئێمە مرۆڤین و ئەوانیش مرۆڤن؟ _ بڕواتان هەبێت کە جیلی زید گومانیان هەیە لە مرۆڤ بوونی ئێمە! لە بەر ئەوەی کە ئەوان ئەتووانن بڵێین کە: ئێوە چۆن ئەم دونیا و کۆمەڵگە و سیستەمەتان بۆ ئێمە ڕەخساندووە؟ چۆن بە خۆتان ئیزنتان داوە کە وەها دۆخێک بۆ ئێمە برەخسنێنن؟! بۆچی دەگەڕان بە دووای تاڵی مووی ئیمام خومەینی لە نێو قورعاندا؟ چۆن و لە بەر چی ئەو هەموو ئیمامزادەتان درووست کرد و دەیان پەرەستن و لە ڕۆژانی تاسووعاو عاشوورا گریاون و دەگرین و هەر ئیستەش لە شارەکانەوە هەموو سالێک بە ڕێ دەکەون و بە پێ دەڕۆن بۆ کەربەلا و زیارەتی ئیمام حسێن؟ یان خود چۆن ئێوە ئەتووانن قبووڵ بفەرمون کە هەزاران مرۆڤی ئازادیخواز لە زیندانەکاندا ئیعدام بکرێن و هیچ هەڵویستێکتان نەبێت؟! ئێمە ئەم هەموو پارادۆکسە چۆن لە مێشکی خۆمان حەل بکەین؟ چاوەکەم ئێمە لە ئێوە دابڕاوین و لە ڕاستیشدا لە ڕووی جەوهەری گەردوونییەوە دابڕاوین و هەر بۆیە دەڵین لە دوواڕۆژی سەرکەوتن بە سەر ئەم دەسەڵاتە دژ بە مرۆڤە، تەنانەت ناوی فامیلی خۆمان دەگۆڕین کە بۆ ڕۆڵەکانی داهاتوو بڵێین و ئاشکرابکەین کە چیمان لە دەستی ئێوە کێشا و چۆن بە دیل گیراین و بۆچی لە ئێوە بێزارین؟_ ئێوەی کە دەتانبینی لە ناو شارەکاندا گرووپ گرووپ خەڵکیان بە جەرسەقیل لە سێدارە دەدا و ئێوە تەواشاتان ئەکرد!! بەڵێ ئاشکرایە و حاشاهەڵنەگرە کە لە جیلی ئێوەش کەسانێکتان تێکۆشەر بوون و سەدان ئازارتان بینی و کەسانێکتان تێکۆشان کە ئەم دەسەڵاتە پیس و پۆخڵە دابڕۆخێنن، بەڵام نەک هەمووتان... چەند لە سەدێکی زۆر کەمتان لە ڕاستی و درووستی و ئازادی داکۆکیتان کرد، قسەکەی ئێمە لە سەر ئەو کەسانە نیە کە دەیان و سەدانیان لەو تێکۆشانەدا گیانی خۆیان فیدا کرد، بەڵکوو قسەی ئێمە ڕوو بە زۆربەی هەرە زۆری جیلەکەی ئێوەیە کە ڕاستییەکان و واقیعتان، چەواشە دەبینی و هەر ئێستەش بە چەواشەوە دەیبینن و ددان بە هەبوون و ڕوودانی واقیعەکان دا نانێن! بۆیە لە نێوان ئێمە و ئێوەدا جێاوازییەکی زۆر قووڵ هەیە. وە ناشتوانن حاشای ئەوە بکەن کە بەس جیلی ئێوە بوو کە دەنگی دا بە کۆماری ئیسلامی و ئەم بارو دۆخەتان بۆ ئێمە ڕەخساند. نا. ناتووانن حاشای لێبکەن. ئێستەش ئێمە ئیزن بە خۆمان نادەین کە ئێوە دادگاهی بکەین، بەڵام داواکارین کە لە پرخە پرخی خەونە ڕاسپوتینییەکانتان هەستن و لانیکەم ڕێگری لە ئێمە بۆ بەرەو پێشخستنی خۆپیشاندان و خەبات و شۆڕشەکەمان مەکەن. ڕاستە ڕووبەڕو بوونەوە لە گەڵ واقیعدا هاسان نییە! بەڵام ئیرادەتان هەبێت و واقیع قبووڵ بکەن!

## جیلی زید لە باشووری کوردستان

لە باشووری کوردستانیش، بە داخەوە نەسڵی زید بە شێوازێکی سەردەمیانە و مودیڕن فام نەکراوە. لەوێش هەر ئەم کێشەگەلە بوونی هەیە و دەسەڵاتی دوو بنەماڵە بووەتە هۆی خەساندنی بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگە. لەم بەشەی کوردستانێک کە زنجیر کراوە، دەیان دیاردە و ڕووداوی سەیر و سەمەرە ڕوویانداوە و جیلی کلاسیک نەک هەر ئیرادەی لێ سەندێندراوە، بەڵکوو لە هەموو خراپتر خەسێندراویشە! خواستی دەسەڵاتی ئەو حوکمڕانییە وەکوو وایرۆسێک لە ناو خەڵکانێکی زۆردا ژیان بە سەر ئەبات. خۆ جیلی زید ئەو دەسەڵاتە گەندەڵەی درووست نەکرد! جیلی زید هەر بوونی نەبوو کە خەڵکانی ئەو سەردەمە خۆیان دەنگیان دا بە ئەو حیزبانە و دوو دەستی دەسەڵاتیان لە ناو سینی زێڕیندا پێشکەشکردن! _ کەسانێکی دڵسۆز و ژیر و هۆشیار دەستیان کرد بە جوولەو تێکۆشان گۆڕانێک لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا بە دی بکەن، بەڵام ئەوانە کەوتنە بەر هەڕەشەو و گۆڕەشەی دەسەڵات و حیزبەکان و بەشێکیان هەڵاتن بۆ هەندەران و بەشێکیان خانەنشین بوون و بێ دەرەتان داکەوتن و بەشێکیان بە تەواوی لەو تێکۆشانەدا لە ناو چوون. کە ئەمانە چەند لە سەدی خەڵک بوون؟بە ڕاستی زۆر کەم بوون. بۆ وێنە ئەو

قەڵەمبەدەستانە کە بە ڕەهەندییەکان بەناوبانگن و تێکۆشان کە لە ڕێگای قەڵەمەکانیانەوە و لە چاپدانی کتێب و مەقالەو گۆڤار، کۆمەڵگە وشیار بکەنەوە، بەڵام هەر ئەوانیش پەرتەوازە بوون و نەیانتوانی بە شێوازێکی جیدی و کارا، دەسەڵاتی دژ بە خەڵک بگۆڕن. کە دەبینین لە باشووری کوردستان، ئەو دەسەڵاتە هەر ماوەتەوە و نەک هەر گۆڕانکاری نەکراوە کە بارودۆخەکە لە ساڵانی پێشووتر زۆر خراپتر بووە! بۆ وێنەی بەرچاو، باشووری کوردستان بە دوو زۆنی سەوز و زەرد دابەشکراوە و لە هەرکامیان بە شێوازی جۆراوجۆر نەک هەر سەروەت و سامانی ئەو وڵاتە ئەبەن کە تەنانەت دژ بە مانا ڕەسەنەکانی مرۆڤ وەستاون_ هەر هێندە دیار و ئاشکرایە کە سایرۆنەکانی کوردستانی باشوور، لە ڕۆژی ڕووناکدا لە خەڵک دزی دەکەن. وە تەواو کارەکانیشیان لە فیلتەری یاساکانی خۆیاندا دەڕواتە پێشەوە! بە ڕاستیش سایرۆن ئەو دزە زۆر زیرەکەیە کە لە ئۆستوورەکانی یۆنانی کۆندا بە دزێکی زۆر زیرەک بە ناوبانگ بووە، بە جۆرێک کە کەس نەیزانیوە بە چۆنیەتی دزی کردنی سایرۆن_ ئێستە سایرۆنەکانی کوردستان لەوانەیە دەرس بە سایرۆنی یۆنانی بدەن! لە بەر ئەوەی کە بۆ وێنە هەر پرۆگرامی لاپەڕەی سپی و پریڤاتکردنەوەی زۆربەی هەرە زۆری ئۆرگانە کۆمەڵاتییەکان و خزمەتگۆزارییەکان کە پریڤاتکراون. وەکوو زانکۆکان و خوێندگە_ سیستەمی پیزشکی _یان سیستەمی پەروەردە و لەو لاوە سیستەمی دادپەروەری! _ دەی پرسیار ئەوەیە کە ئەو گەنجەی کە پارەی نیە و ژیانی زۆر بە سەختی دەڕواتە پێشەوە، چۆن ئەتوانێت پارەی دەرسەکان و زانکۆکە بدات، ڕێک لەوەش ئاگادارە کە بە دووای تەواوکردنی زانکۆکەی، کاریشی دەست ناکەوێت و دەکەوێتە ناو ئەرتەشی بێکارەکان؟! یان ئەو کەسەی کە نەخۆشە و لە بەر پریڤاتبوونی سیستەمی پیزشکی توانای ئەوەی نیە کە پارەی دوکتۆر و دەرمانەکان بدات! خۆ ئەمە حوکمی ڕاستەوخۆی کوشتنی تاکەکان و مرۆڤەکانە! جیلی زید، ئاگاداری تەواو ئەم بارودۆخ و کارەساتەیە بۆیە وەکوو مارێکی بریندار لە باشووردا خەریکە هەر لوول دەخوات و تووڕەبوونی لەوەدایە کە چۆن دەکرێت وەها ژیانێک بۆ ئەو کۆمەڵگەیە دەستەبەر بکرێت کە لە ناویدا مرۆڤ خاوەنی هیچ پێگە و بایەخێک نیە!

زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگە و جیلی پێشووتر لە دامەزراندنی ئەو دەسەڵاتە هاریکار بوون! کە سیمای واقیع و خواستی دەسەڵاتی سەرمایە و دەسەڵاتی گەندەڵی لۆکاڵی دەرکەوت و مانگ لە پشت هەورەکان هاتە دەرەوە، کەسانێکیان وەکوو ڕۆشنبیری لایەنگری بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە قەڵەمەکانیان خستە گەڕ. وەکوو ڕەهەندییەکان کە پێشتر ئاماژەیان پێدرا_ بەڵام ئەوانیش پەرتەوازە بوون! و نەیانتووانی کارێک ببەنە پێشەوە. بۆچی؟ وڵام بەو پرسیارە نادرێتەوە مەگەر ئەوەی کە بەدواداچوونێکی زانستیانە لە سەری بکرێت. بە هەر چۆنێک بێت خۆ دەسەڵات بە بێ چالاکی و تێکۆشان بۆ بەقای خۆی دانانیشێت. ئەویش تێئەکۆشێت کە دانەدانە ئەو مرۆڤانەی کە ژیر و ئازادیخوازن لە ناو بەرێت. بۆیە دەبینین بەشێک لە قەڵەمەکان بە هێزی سەرمایە و پارە دەسێنێت یان خود قەڵەمەکانیان دەخاتە گیرفانی نووسەرەکانەوە بێ ئەوەی کە یەک دێر لە سەر ئازادی و واقیعی بارودۆخی ژیانی خەڵک لەو قەڵەمەوە بێتە دەرەوە! _بەمپێیە کۆنترۆڵی دەزگای چاپەمەنی دەگرێتە دەستەوە. تەنانەت پارەی تایبەت تەرخان ئەکات کە لێژنەئێک بچن بۆ هەندەران و لەوێ، لە گەڵ نووسەراندا دانیشتن دەکەن تاکوو قەڵەمەکانیان لە خزمەتی دەسەڵاتدا بکەوێتە گەڕ کە لەمڕێگاوە خەڵک بگەمژێنن و بە واتای دەقیقی فەلسەفی زۆرتربیان خەسێنن _ بەڵێ دەسەڵات بە تەواو هێزی خۆیەوە خەریکی خەساندنی تاک و کۆمەڵگەیە. ئەساسەن وشەی تاک لە باشووری کوردستاندا خاوەنی هیچ پێگەئێک نییە! هیچ مانائێکی نییە! هیچ جێگەئێکی نییە! کە تاک لە ماناکانی بەتاڵ بووەوە، خودی کۆمەڵگەش لە ماناکانی و لە بایەخەکانی بەتاڵ ئەبێتەوە.

دەسەڵات لە باشووردا وەها دۆخێکت بۆ ساز دەکات کە لە پانتۆمیمیش سەیرترە! وەک وێنا، پارلیمانێکت بۆ دروست ئەکات کە سیمای یاسا و مودیڕنیتەی پیشان بدات! بەڵام هەر ئەو پارلمانە دەکرێت بە تلەفۆنێک بۆ ماوەئێکی دوور و درێژ دابخرێت! ئەمە سیما مودیڕنەکەیە!! ئێنجا ئەندامەکانی ئەو پارلمانە، کەسیان لە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵک نەبێت!! بۆچی؟ چونکی لە سیستەمی دەنگداندا تەنانەت دەکرێت دەنگەکان بکڕدرێن و بفرۆشرێن!! وەکوو بازاڕی قەسابەکان یان وەکوو سفرەکەی پیرەمێردی خینزر پینزری لە بەبووی کوێردا_ جیلی زید لە وەها بارودۆخێکدا دێتە دی. کە تەواشای دەوروبەری خۆی دەکات دەبینێت بە ڕاستی و تەنانەت لەم دەورەی مودیڕن و پەسا مودیڕنەدا، هیچ شتێک لە سەر جێ خۆی نییە و هەموو گاڵتە جاڕییەکی زۆر خەمگینە بە سەر ئەو خەڵکەوە. بۆیە دڵسارد ئەبێت و تووشی ڕۆژمەرگی دەبێت_ هەزارانی ئەو جیلە زانکۆی تەواوکردووە بەڵام کاری دەست نەکەوتووە! چۆن دڵسارد نەبێت؟ هەرچی بەراوەردی خۆی دەکات لەم خاکە و دەڕوانێتە هاو نەسڵەکەی خۆی لە وڵاتانیتر، دۆڵێک دەبینێت کە بە هەزاران هەزار لۆری زەبەلەح پڕ نابێتەوە! بۆیە ڕوو دەکات لە هەندەران و بەشێکیان دەبێتە خۆراکی ماسییەکانی دەریای ئێژە و بەشێکیان کە دەگەنە ئۆروپا دەبنە سەرباز و هێزی سەرمایە_ زۆر سەیرە ئەوەی کە بەشێکیان کە زانکۆیان تەواو کردووە بە هۆمیدی ئەوەی کە لە کۆمپانیائیکدا کارێکیان وە دەست کەوێت دەست دەکەن بە کارکردنی بێ پارە و لە باری زەمانەوە نادیار، بەو هیوایە کە لە داهاتوودا لەوێ کاریان پێ بدرێت! بەشێکی هەرە زۆریشیان دەکەونە ناو ئەرتەشی بێکارەکانی سەرمایە کە زریانێکی زۆر خەترناکە و مارکس بە شێوازێکی زۆر جوان ئەو دیاردەیە پیشان ئەدات. هەر بۆیە نیزامی سەرمایە پێویستی بە بەدیهێنانی ئەو ئەرتەشە بێکارەیە و بۆ دوا ڕۆژ کاری تایبەتی پێیە! و وەکوو گورزێکی گرانە دژ بە سرووشتی مرۆڤ و جێگەو پێگەی تاک و کۆمەڵگە_ هەر لەم ڕێگەو چەندین شێوازیترەوە وەکوو پریڤاتیزە کردنی دەزگا خزمەتگۆزارییەکان و ئۆرگانەکایتر، دەبێتە هۆی لەناوچوونی شیرازەی فەرهەنگ وبەمجۆرە خودی کۆمەڵگە تێک ئەدات و ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی سەدان ڕووداوی هیزری و کلتووری کاڵ و کوشتن و بڕین و ئیهانەکردن بە ژنان و تێکدانی زیاتری پێکهاتەی تاک و تەواو کۆمەڵگەکە.

جیلی زید لە باشووری کوردستان لە خۆی ئەپرسێت کە هۆی سەرەکی ئەم هەموو کارەساتە چیە؟ چۆن دەبێت ئەم هەموو بێکاری و بێ پارەیی و شێواندنی پێکهاتەی خاو وخێزان و بنەماڵە و ڕووداني دەیان و سەدان شتی ناو کۆمەڵگەکە بەمشێوەیە بێت و کەسیش ئیرادەی جووڵەی نەبێت؟ و دەسەڵات بە سەریدا بەمشێوەیە حوکمڕانی بکات؟! بە دووای وڵامەکاندا دەگەڕێت، لە حاڵێکدا هێزی کەمە و دەبینێت کە هەر جووڵەئێکی ئەویش ها لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتدا_ بە ڕوونی پارادۆکسەکانی کۆمەڵگەی خۆی لە گەڵ

کۆمەڵگەکانیتردا دەبینێت بەڵام چارەسەرکردنەکەی لا هاسان نیە! بۆیە لە ناو خۆیا دەشکێتەوە_ کات کە دەڕوات دەقیقتر دەبێت و بە خۆی ئەڵێت: قبووڵکردنی ئەم باروودۆخە بەم شێوەیە کارێکی زۆر زۆر سەختە و بۆ من ناکرێت چونکی دەبینم دژ بە واقیعە. بۆیە دەبێت هەستمە سەر پێ و هەبوونی خۆم بسەلمێنم و ڕووڕەشی دەسەڵات بخەمە بەرچاو. ئەمە ئەرکی مێژوویی سەر شانی منە_ من ناتووانم وەکوو جیلی پێشووتر پشت بکەم لە واقیعەکان! من ئەبێت شەو و ڕۆژی خۆم و ژیانی خۆم دروووست بکەم_ بۆیە زانیومە چیتر شتێکم نییە کە لە دەستی بەم، کە واتە هیچ ڕێگائیک نییە جیا لەوەی کە دەبێت بە تەواو بوونمەوە بەرانبەر بەم دەسەڵاتە دژ بە مرۆڤ و کۆمەڵگەیە بوەستم. ئیتر ئەگەر گیانیشم لە دەستدا، زۆر گرنگ نیە لە بەر ئەوەی کە لانیکەم بەرانبەر بە واقیع و مرۆڤەکانی داهاتوو شەرمەزار نابم. بەمپێیە ناچارم خۆم ڕێک بخەم بۆ بەدیهێنانی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە.

نەسڵی Z بە زمانێکی زۆر ڕووناک بە خۆی و بە ئێمە ئەڵێت: کە دادەنیشم و خۆم لە گەڵ هاونەسڵەکانیتری خۆمدا لە وڵاتەکانی ئۆرووپا هەڵئەسەنگێنم دەبینم ئەو مێشکی بەوە سەرقاڵ نیە کە خواردنم نیە یان کارم نیە و ئاخۆ داهاتووم چی ئەبێت؟! خواردن و کار و خوێندن و داهاتووی ڕوونە، بۆیە یەکسەر دەست دەکات بە پلان دارشتن بۆ داهاتووی دوور و زۆر باشتر لەوەی ئیستە هەیەتی_ ئەو ها لە ڕادەئێکی بەرزترەوە_ من بە پێچەوانەوە مێشکم سەرقاڵە بە بەرهەمهێنانی خواردنی ڕۆژانەوە و هیچ وێنائێکی ڕووناکم لە بەر دیدی خۆم نییە بۆ داهاتوو، بۆیە لەم سیستەمی هیرەمیەدا لە قاتی خواری خوار دەرگیری شتە ئاساییو بەیسیکەکانم، کە بەمپێیە ناتووانم داهاتووی باش بە دی بکەم بۆ خۆم، بۆیە خەمسارد و بێ هۆمیدم! هەر بۆیە پەنا ئەبمە سەر برێک یاری ئینترنتی و دەیان سەعات خۆم بەوجۆرە سەرقاڵ ئەکەم تاکوو خۆم لە واقیعە تاڵەکان دوور بخەمەوە! ئەمە خۆشییەکانی منە کە هەر زوو لە ناو ئەچن و جیهانێکی خەیاڵی دوور لە واقیعە! بۆیە ناتووانم داهێنەر بم. جووڵەیان لێم بڕیوە! لە دەیانلاوە بە دەستی باوک و دایک و کەس وکارەوە بە دیلی گیراوم و دەرگیری فەرهەنگێکی زۆر دوواکەوتووانەم کە دەسەڵاتێکی بێ ڕۆحمی لە پشتە و خۆشم ئەزانم کە دەبێ ئەو دەسەڵاتە بڕۆخێنم و فەرهەنگەکەش بگۆڕم...! بۆیە بەردەوام بەرۆکی خۆم دەگرم و لە گەڵ خۆمدا شەڕ دەکەم کە ڕێگاچارەی ڕاستەقینە و چارەسەری کێشەکان بدۆزمەوە.

ئیتر بۆیە ئازادکردنی ئادرناڵین بۆم باشترینی خۆشییەکانە و لە ڕێگای خەتەرکردنەوە، هەڵدەستم بە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە ئادرناڵینم ئازاد بکەم و تەنانەت لە گیانی خۆیشم لا ئەدەم!!هەر شتێک خەتەرێکی تێدا بێت بۆ من بەدیکردنی شادی و شانازیە!بۆیە شەپۆلە ساردەکانی دەریای ئیژەش بۆم ئاساییە و دەشزانم کە ڕیسکی مردنی تێدایە. ئەگەر هەڵدەستم بە ڕێکخستن و خۆپیشاندان، تەنیا بەم هۆانەیە کە پێشتر قسەم بۆ کردی. بەڵام بە هەرکات ئەرکی سەرشانی منە کە ژیان و داهاتووی خۆم دەستنیشان بکەم، ئەویش بە هەر شێوازێک بێت.

## دیاردەی ڕێبەری و نەسڵی Z

تاکوو ئەم نوقتەیە بە ڕوونی دیارە کە نەسڵی زید، بارودۆخ و هیزرەکانی خۆی سەبارەت بە دیاردەی ڕێبەری، بە دەقیقی ڕوون کردووتەوە و بە هیچشێوەئێک ڕێبەری تاکەکەسی کۆمەڵگەی لا قبووڵ نییە- کە هەر ئەمخاڵە زۆر بە هیزری ئانارشیستی نزیکە. هەرواش کە بۆ خەڵکان ڕوون بوەتەوە لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵات و بە گشتی ئێران لەم ماوەیەدا، نەسڵی زید خاوەنی هیچ فینۆمنێکی ڕێبەری نەبووە ونییە! بۆیە کۆماری ئیسلامی و هێزی سەرکوتکەر، لەم بابەتەوە سەری لێشێواوە و هەر چی بە دوای لیدەرەکاندا دەگەڕێت، شتێک نادۆزێتەوە! _ لە ڕاستیدا شتێک کە بوونی نییە، دۆزینەوەشی کارێکی بە تەواوی بێدەرەتانە!

شێوازی کارکردنیان بەو جۆرەی کە بەرچاوە، زۆر ڕەمزی و ئاڵۆزە. ڕەنگە زۆرێک لە مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگەی زید، خۆشیان ئاگاداری ئەوە نین کە لە چ کاتێک یان لە کام نوقتەی جوگرافیدا کۆبوونەوە و خۆپیشاندان یان هەر کردەوەئێکیتر دەڕواتە پێشەوە. بەڵام زۆر سەریع ئاگادار ئەبنەوە کە بەرنامەکان چین و کردارەکان و ئاکسیۆنەکان دەبێت چۆن بڕواتە خانەی کردارەوە! لەمبوارەدا بەوجۆرەی من تێگەیشتووم لە شێوازی کارەکانیان لە پێوەندییەکاندا، ئەوان خاوەنی جۆرێک زمانی نهێنی و ڕەمزین کە سەردەرهاوردن لەو زمانە کارێکی هاسان نییە. بۆ وێنە لە پەیامەکانیاندا بە یەکتری لە برێک وشە و پیتە کەڵک وەردەگرن کە بارهەڵگری تایبەتمەندییەکی دیاریکراوە و ئەگەر بە گوێ من و کەسانیتردا بێت، ڕەنگە هەر نەزانین باس لە چی دەکرێت! بۆیە دەتووانین بڵێین کە ئەم جیلە خۆی بۆ خۆی زمانێکی تایبەت بە خۆی دروووستکردووە کە پێویست بووە. بۆ ئەوەی کە هێزی سەرکوتگەر و وەزارەتی ئیتڵاعاتی ڕژیم لەو زمان و پەیامە تێنەگات وە هەم لە لائێکیترەوە ببێتە هۆی سەرلێشێواوی زۆرتری کاربەدەستان و پەرتەوازەکردنیان لە شوێنە جێا جێاکانی ناو شارەکاندا. بەو مەبەستەی کە بتوانن زۆرترین و کاراترین خەڵک لەو نوقتە تایبەتمەندەوە کۆ بکەنەوە. لە سەردەمی ئێمە وکاری نهێنی لەمبابەتە، لە خاترمە من خۆم لە گەڵ هاوڕێیەکانمدا بە شێوازی نووسین بە ئاوی پێواز لە سەر لاپەڕەئێکی چکۆلە کە دوواتر ئەو کەسەی پەیامەکەی بە دست دەگەیشت، دەیخستە سەر شەمعێک یان گەرمای چرائێک و بەمجۆرە، وشەکان و دێرەکان دەردەکەوتن! وە هەر هێندە پەیام و ناوەڕۆکی بابەتەکە دەگەشتە دەستمان دەمانسووتاند و ئەو لاپەڕەیە لەناو دەچوو! تاکوو نەگاتە دەستی هێزەکانی نهێنی ڕژیم! ئیستە جیلی زید کە وەها شتێک ئەخوێنێتەوە، بزەئێک دەکەوێتە سەر لێوی و ناحەقی نییە! لە بەر ئەوەی کە ئێمە هەر هێندەمان لێدەزانی! تەکنۆلۆجیای ئێمە هەر هێندە هێزی بوو. شەونامەکان و بانگهێشت کردنەکان ونووسینەکان بە ڕاستی دەیان خەتەری بۆمان دەڕەخساند بۆیە ئەو هەموو یارانەمان لێ کوژران و

ئیعدام کران. بەراوەرد کردنی هەر ئەم وێنایە لەگەڵ شێوازی ڕەمزی تیکستەکانی جیلی زید، خۆی دەرخستنی جیهانێکە کە لە دەیانلاوە جێاوازییان هەیە.

هەر بەمپێیە و لەم بەراوەردکردنەدا، چۆنییەتی و کەیفییەتی چالاکییەکانی ئێمە و ئەم جیلە نوێیە، هەر حەتمەن خاوەنی جێگەو پێگەی خۆیە کە تایبەتمەندە بەو دەورەو ئەم دەورەوە. هەروا کە پێشتر وتمان، ئێستە زەمانێکە کە جیهانی دیجیتاڵی بە خێرایی و توندییەکی هەرە زۆرەوە دەڕواتە پێشەوە و چەمک و کردەوەکان، ئێستە زۆرتر دیجیتاڵین و هاسانتر و سەریعترن و زۆریش کاران. لە سەر دەمی ئێمەدا ناچار بووین بۆ بڕێک بابەت وەکوو بەڕێ کردنی کتێبێک لە شارێک بۆ شارێکیتر، نەک هەر ناچار بووین ڕیسک و خەتەرەکان قبووڵ بکەین کە بەڕاستی هەر بەمبۆنەوە کەسانێکی زۆرمان لێگیران و کەوتنە زیندانەوە و لە بزووتنەوەکە دابڕان یان کوژران و لەناو چوون_ کەچی ئێستە بە پێچەوانەوە تۆ ئەتوانیت بیست کتێب و زۆر زیاتریش بە یارمەتی تەنیا یەک ئاپ یان سافتوێر بنێریت بۆ دۆستەکەت، بێ ئەوەی کە خەتەری گرتن و کوشتنی تێدا بێت. ئەگەر دیققەت بکەن، لەو کاتانەی کە پاسدارەکان دەڕۆن بۆ گرتنی کەسێک لە ماڵ و شوێنێکدا، ئەوەڵین کارێک کە دەکەن دەسبە سەردا گرتنی کامپیوتری ئەو ماڵەیە. خۆ دیارە بۆچی وە بە چ مەبەستێک وەها کارێک دەکرێت!

## زامەکان و خواستەکانی ئێمە وجیلی زید لە خاڵێکدا هاوبەشە.

پێش ئەوەی کە ئەم بابەتە بوروژێنم ناچارم جەختبکەمەوە لە سەر ئەمخاڵەی کە ئەگەر بە جیلی ئێمە ئیشارەدەکەم، مەبەست تەواوی ئەو جیلە یان نەسڵە نییە، بەڵکوو بەشێکە لەو نەسڵە کە بەشێوازی کارا و جیدی ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ بەدیهێنانی ئازادی و ژیانێکی باش بۆ تاک و کۆمەڵگە_ بەشێکیترمان بە ڕاستی بە هۆی جۆراوجۆرەوە نەهاتە ناو ڕیزی چالاکی و بەرخۆدان بۆ خەڵک. کە بەمپێیە ئەشێ مەبەستەکە ڕوون بێت.

ئێمەش زانیاریمان بوو لە سەر ڕووداوەکان وە بەپێ جەوهەری وجوودی خۆمانەوە، لەگەڵ حیزب یان ڕێکخراوەجۆراوجۆرەکاندا دابەشبووین کە لەوانە و زۆر پێشتر لە شۆڕشی ١٣٥٧ هەتاوی و دژ بە شای ئێران، بۆ وێنە من و چەند دۆست و مامۆستای خوێندگەمان لەگەڵ ئیتحادییەی کۆمۆنیستەکان کە بە سەربدارەکان بەناوبانگن هاوکاریمان دەکرد. و دواتر چووینە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە لە کۆمەڵەدا( هەڵبەت ئێستە ساڵەهای ساڵە کە من سەربەخۆم و ئەندامی هیچ حیزبێک نیم) لەیادم ناچێت کە لە ساڵی ١٣٦٠ هەتاوی، یانێ ڕێک سێ ساڵ بە دووای ڕۆخانی ڕژیمی شاهی، دوو کچیان لە شاری سنە ئیعدام کرد و پەیکەرەکانیان ناردەوە بۆ بنەماڵەکانیان.( بە داخەوە ناوەکانیانم لە خاتر نەماوە) لە کاتی شۆردنی ئەو کچانە لە ژووری تایبەتی مردوشۆرخانەکەدا لە مزگەوتی پیرمحەممەدی شاری سنە، لە پڕا ئەو خانمە تەمەندارەی کە ئەرکی شۆردنی پەیکەرەکانی بوو، بە پەلە هات بۆ لای من کە لە ناو خەڵکەکەدا بووم و وتی: کاکە گیان من سەوادم نییە، جل و بەرگی هەردووکیانم دەرهێناوە بەڵام دیارە لە سەر پێستیان شتهائێک نووسراوە کە نازانم چییە! تکایە تۆ وەرە و تەواشایان بکە و بزانە چی نووسراوە؟!

ئێستە کە ئەم خاترە تاڵە دەنووسمەوە، ناتووانم بەرگری بکەم لە ڕژانی فرمیسکی هەر دو چاوەکانم._ بەهەرکات من ڕۆیشتمە ناو ژوورەکەوە و دوو سێ خانمیتریش هاتن و گلەئییان کرد کە ئەو کوڕە چۆن دەبێ و بۆچی چووەتە ژوورەکەوە؟! کە ئەو خانمە پێشوەکە بۆیانی باسکرد کە شتێکی وایە و من پێویستم بە نادرە. ئەوانیش وتیان دەی باشە. داوامکردلێیان کە تکایە ئاگاتان بێت و کۆنترۆڵی بەردرگاکەبکەن تاکوو کەس نەزانێت چی ڕوویداوە. بە پەلە قەڵەم و کاغەزێکم حازر کرد و تەواو دێر و ئەو ناوانەی کە لە سەر پێستی یەکتری نووسیبوویان، نووسیمەوە و لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە_ ئەو دوو کچە ئازادیخوازە دڵسۆزە لە سەر پێستی یەکتری چیان نووسیبوو؟

دیارە بە دووای ئەوەی کە لە کاربەدەستانی بەندیخانەکەوە حوکمی ئیعدامەکانیان پێدرابوو، بە جێیا جێیا تەجاوزیان بە هەر دووکیان کردبوو. ئێنجا شەوی پێش ئەوەی ئیعدام بکرێن، هەردووکیان خستبووە یەک سلوولەوە_ هەر لەوێش ئەمان بە نۆرە ڕووت ببوون و هەر کامیان بەسەرهاتەکەیان لە سەر پێستی ئەویتر نووسیبوو. ناوی چەند کەسیان نووسیبوو لە بەرپرسان وپاسدارەکان کە لە ئەشکەنجەکردنی زیندانییەکانی نێو زیندانەکە وتەجاوزکردنیان بە کچانێک کە بڕیار درابوو بە ئیعدامکردنیان. هەمووانیش ئەزانن کە بە پێ دەستوورەکانی ئیسلام گوایە ناکرێت کچێک ئیعدام بێت مەگەر ئەوەی کە گۆڕابێت یان کرابێت بە ژن( یانێ پەردەی بیکارەتیان نابێ هەبێت، ئەگینا دەڕۆنە بەهەشتەوە!) لە بەراوەردی تیکستەکاندا هەر دوکیان وەکوو یەک ئەو گۆزارشتەیان نووسیبوو! من هەر هێندە زانیارییەکانی ئەوانم لە سەر کاغەز نووسی، دەستبەجێ بە ڕێکەوتم بۆ لای هەڤاڵانی خۆم کە لە گەڕەکێکیتردا بوون وبەرپرس بوون لە پێوەندییەکاندا. لەوان داوامکرد کە ئەو نووسراوەیە بە زووترینکات بگەێننە دەستی پێشمەرگە_ بە دووای ٢ ڕۆژدا ئەو نووسراوەیە و ڕاپۆرتەکە لە ڕادیۆی کۆمەڵە خوێندرایەوە و لە ماوەی دوو حەفتەدا هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە وەکوو چالاکییەکی تایبەت بەو بابەتەوە هاتنە ناو شار و چەند کەس لەو پاسدارانەیان لەو شەڕەدا کوشت و یەک

دووانیشیان لێ بە دیلی و زیندوو گرت کە دوواجار ئیعدام کران و تەواو ئەو بابەتەیان بۆ خەڵک بەیان کرد لە ڕادیۆەکەدا. تا ئەو جێگەی لە خاترمە چەند کەسێک لە لیستی ناوەکانی سەر پێستی ئەو گیانبەختکردوانە کە لەو ئۆپراسیۆنەدا ڕزگار ببوون، دواتر لە چالاکییەکانی پێشمەرگەدا، کوژران...

لاموایە ئێستە بە ڕوونی دیارە کە ئێمەی جیلی پێشووتر و جیلی زید، لە زۆر چەمک وەکوو خواستی ئازادی و زامەکاندا، هەروەک وێنا تاڵەکەی سەرەوە هاو بەشین! ئەگەرچی بەشێک لە جیلی ئێمە لە ناو دەسەڵاتی دژ بە خەڵکدا، بە شێوازێکی خراپ توایەوە. یان خانەنشین بوون و سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگە نەک هەر کارا نین، بەڵکوو لەوە خراپتر بە جۆرێک لە جۆران یاریدەری دەسەڵاتن یان تێکەڵاوی دەسەڵاتن کە خۆی مایەی شەرمەزارییە، هەرچەند هۆەکانی دیار و ڕوونە. بۆ وێنە بەشێکی هەرە زۆریان بە ڕاستی کەوتنە ناو فیکری ژیانی ساکار و کارکردن، کە بەمشێوەیە هەر ئەوانیش بوونە سەربازەکانی سەرمایە و مانەوەی دەسەڵات. بەڵام بەشێکیشمان بە جیدی لەگەڵ خەڵکدا بووین و هەین وە بەرانبەر بە دۆخی تاک و کۆمەڵگە کەمتەرخەم نین و بە ئێستەشیەوە هەر تێدەکۆشین کە لەگەڵ جیلی نوێدا هاریکار و یاریدەر بین. درووستە لە چەندین ڕەهەندەوە گرفتی ئایدیۆلۆژیا بوو بە تەنگەنە و ڕێگر لەوەی کە بە شێوازی زانستی و درووست کاریگەر بین لە خواستەکانی تاک و خەڵک بۆ ئازادی و ژیانێکی باش، بەڵام بێ هیواش نین و بە پێ توواناکانمان هەر تێدەکۆشین... گەرچی ئەشزانین کە هێشتا هەڵەمان هەیە و بەشێکمان تووشی وەهمین و لەو ڕێگاوە ڕەهاگەر و موتڵەقگەراین و هەر لەو ڕێگاوە دبینە ڕێگر لە بەردەم جیلی نوێدا، بەڵام لە لائێکیترەوە دەزانین کە ئەگەر فەزای دیالۆگ بخوڵقێنین و بتووانین لە هیزرە ئایدیال و خورافەییەکان لابدەین و لەگەڵ ئەم جیلە نوێیەدا هاوکاربین، حەتمەن لێکەوتەو کاردانەوەی درووستی لێدەردێت بۆ ژیانی کۆمەڵگەی داهاتوو.

هەر لەمخاڵەی سەرەوە بە بێ ئەوەی کە هیچ ئاماژەئێک درابێت بە هیزری سیکولاری فەلسەفی و سیاسی، ڕوون دیارە کە لایەنگرانی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان و کۆمەڵگە، لە ناخی دڵەوە داخوازی بەدیهێنانی سیستەمێکی سیکولارن لە ناو کۆمەڵگەکەیاندا_ جا ئێستە و هەر لەمخاڵەدا ئێمە دابەش دەبین بە سەر دوو هیزر لە یەک چەمکدا سەبارەت بە خودی سیکولاریسم! بەشێکمان کە زۆرتر هان لە ناو حیزبەکاندا، لە سیکولاریسمی سیاسی داکۆکی دەکەن و تەنیا باس لە جێیا بوونەوەی دین و ئاین لە دەسەڵاتی سیاسی یان حکومەت دەکەن_ کەسانێک وەکوو من لە سکولاری فەلسەفی داکۆکی دەکەین کە شێوازی کارکردن و هیزر و کردەوەی ئەمجۆرە مرۆڤانە زۆر لە جیلی Z نزیکە. هەر ئەو ڕووداوەی ئیعدامکردنی ئەو دوو کچە ئازادیخوازە دەگەڕێتەوە بەس بۆ خواست و چەمکی سیکولاریسمی فەلسەفی نەک سیاسی_ من لە جێگایەکیترو لە مەقالەئێکی زۆر کۆندا بە ناوی «سکولاریسمی سیاسی یان فەلسەفی؟». بە وردی هەردوو دیوی ئەم چەمکەم ورووژاندووە کە هەم بە زمانی فارسی نووسراوە و هەم کوردی و لە ماڵپەڕەکاندا هێشتا بوونی هەیە. وە هەر وەها لە کتێبی جێاوزییەکاندا بە وردی لە سەر ئەم چەمکە نووسیومە. لێرەدا تەنیا بە خاتر و فیکری خوێنەران دێنمەوە کە ئەو ڕووداوەی لە سەروترەوە سەبارەت بە ساڵی ١٣٦٠ لە شاری سنە و تەجاوز کردن بەو دووکچە چالاکوانە و هۆەکانی و چۆنیەتی ئیعدامکردنیان و دەیان ڕووداوی هاوشێوە چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە باشووری کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ فامی دەقیقترو چۆنییەتی خواستی سکولاریسمی فەلسەفی لە لایەن کەسانێک وەکوو ساحیبی ئەم قەڵەمەوە.لێرەدا هەر هێندە ئاماژە ئەدەم بەوەی کە سکولاریسمی سیاسی، منداڵ و پەروەردەی سکولاری فەلسەفییە و گەرچی خاڵی هاوبەشیان هەیە بەڵام ئەم دوانە زۆر لێک جێاوازن!

بەس هێشتا ئەم پرسیارە بە هێزێکی سەیرەوە قوتدەبێتەوە کە بۆ خواستی ئازادی و ئەو هاریکاریە زەروور و پێویستەی نێوان نەسڵی ئێمەو نەسڵی Z، چۆن دەکرێت لە ڕەهاگەری و میتافیزیا دوورەپەرێز بین تاکوو بگەینە خواستی ئازادی و ژیانی باش و ئاواتە جووانەکان بۆ مرۆڤی تاک و کۆمەڵگەی داهاتوو؟